## بەهەمان شێوازی دوێنێ... چەندین ئامێری پێیوەندی گرووپی حیزبوڵڵا تێقینەوە

نیوەی ئەمڕۆ چوارشەممە لێکاتی بەخاک سپاردنی تەرمی کوڕی عەلی عەممار- پەرلەمانتاری حیزبوڵڵای لوبنان لە پەرلەمانی لوبنان، ژمارەیەک پێجەری دیکە تێقیونەتەوە و بەهێوە قوربانی دیکەی لێکەوتەتەوە.

ماڵپەڕی جەزیرەی عەرەبی بەاویکردەتەوە، دوای نیوەی ئەمڕۆ دەنگی تێقینەوە لە چەندین ناوچەی دیکەی بەیروت بیستراوە و چەندین ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن بەرەو ئەو ناوچانەی تێقینەوەکان بەڕێکەوتوون و ژمارەیەک ئامێری دیکەی تێقیونەتەوە.

لە ئێستاشدا ژمارەیەک ئامێری دیکەی وەک شاشەی ئۆتۆمبێل و هادیە و لاپتۆپ و مۆبایلی ئایفۆن تێقیونەتەوە.

زانیاری زیاتر...

دوای ئەوەی دوێنێ بە سەدان ئامێری بە تەل (پێجەر) کە بە پێیوەندی نێوان ئەندامانی حیزبوڵڵای لوبنانی لە لوبنان تێقینەوە و بە نزیکەی سێ هەزار بریندار و کوژراوی لێکەوتەوە، ئەمڕۆش جارێکی دیکە ژمارەیەک پێجەری دیکە تێقیونەتەوە.